# پ. د. نەسرین فەخری، هەڵکەوتوویەکی ناو بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی کوردی

زانیار سەردار قرگەیی
(سلێمانی)

پرۆفیسۆر د. نەسرین محەممەد فەخری عەبدولعەزیز سابوونچی، یەکێکە لە ئافرەتە دەگمەن و هەڵکەوتووەکانی کورد، پێگەیەکی گرنگی لە بزاڤی ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبی کوردیدا هەیە ، وەک مامۆستا و فێرکارێکیش، چەندان نەوە لەسەر دەستی ئەو پەروەردە و گۆش کراون. وەک نووسەر و شاعیر بە ناوی (نەسرین فەخری) دەینووسی، کچی (ڕەئیس فەخری)یە کە یەکێک بووە لە ئەفسەرە کوردە ناسراوەکانی ناو سوپای ئێراق و خەڵکی شاری سلێمانیی گەڕەکی سابوونکەرانە.

مامۆستا و نووسەر و شاعیر، نەسرین فەخری لە ١٩٣٧/١٢/٢٧ لە سلێمانی لەدایک بووە، کەسێکی لێهاتووی بواری ئەدەب و شیعر و زانستە، گرنگییەکی زۆری بە بواری فۆلکلۆری کوردی داوە، وەک ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و مەستووری کورد، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی نووسەرانی کورددا، ئەرکی خزمەتگوزاریی ئەستۆی خۆی بە چاکی جێبەجێ کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩دا بە پلەی شەرەف بەکالۆریۆسی لە ئەدەب و زمانی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، لە ئاداری ١٩٦٠دا بۆ بەدواداچوونی خوێندنی باڵا چووەتە دەرەوەی وڵات، لە زانکۆی (گیرۆڤ) لە باکۆ، لە یەکێتیی سۆڤیەت وەرگیراوە، هەر لەوێ، لەگەڵ د. کەمال مەزهەر و د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ دوکتۆرای وەرگرتووە.

لە بواری زمانەوانیدا، بەتایبەتی لە ڕێزمانی کوردیدا بڕوانامەی دوکتۆرای بەدەست هێناوە و نامەی دوکتۆراکەی لەسەر زمانی کوردییە بە هەردوو شێوەکەی،



**د. نەسرین فەخری**

کە لەسەری نووسراوە: (یەکەم دوکتۆرانامەیە لە جیهاندا لەسەر بناغەی هەردوو شێوە سەرەکییەکە)، پاشان گەڕاوەتەوە وڵات، بە مەبەستی خزمەتکردن لە زانکۆکاندا لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی شارەزایی خۆی لە زمانەوانیدا بەردەوام بووە و ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، لە ساڵی (١٩٦٦)ەوە لە زانکۆی بەغدا مامۆستا بووە تا ساڵی ٢٠٠٩، پاشان خانەنشین بووە، تا ساڵی ٢٠١١ لە شاری بەغدا دەبێت و دواتر گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی کانێسکان نیشتەجێ بووە تا لە ٢٠١٨/١٠/١٠ کۆچی دوایی کرد.

پرۆفیسۆر نەسرین فەخری، هەمیشە هەڵوێستێکی ڕاست و ڕەوان و بوێری هەبووە، وێرای بۆچوونی خۆیشی، زۆر لە خەڵکی ڕۆشنبیر پێی وایە کە ئافرەتێکی دەگمەن و بەئەزموون و کەموێنەی هەڵکەوتووی کوردە لەم چەرخەدا، چەندان کتێبی چاپکراو و چاپ نەکراوی لە بواری ئەدەب و شیعر و فۆلکلۆر و زانستی زمان و کەلەپووردا هەیە، بێجگە لەو بوارانەیش، شارەزایەکی باشی بواری شیعر و ئەدەب و زمانەوانی بووە ، چەندان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی هەیە و چەندان شیعری بڵاوکراوەی هەیە، لە ساڵی ١٩٥٨دا شیعرێکی بەناوی (دڵی بارزان) بڵاو کردووەتەوە.

بە دەیان باسی هەمەچەشنەی بە کوردی و عەرەبی لە چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاردا بڵاو کردووەتەوە. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد، ئەندامی (پشتگیر- موآزر) بووە، لە هەمان کاتدا ئەندامی یەکێتیی ئەدیبانی ئێراق و ڕۆژنامەنووسانی ئێراق بووە و لە یەکەمین کۆنگرەی هەردوولادا بەشداریی کردووە.

لە چەندان کۆنگرەدا لەناوەوە و دەرەوەی ئێراق، لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەڵمانیا و فینلەندا و فەڕەنسا و ئەمەریکادا بەشداریی کردووە و خەڵات کراوە و چەندان پاداشت و نازناویشی وەرگرتووە و ڕێزی لێ نراوە، هەروەها لە بواری خزمەتکردنی نەتەوەییدا کەسێکی خاوەن بەرهەمە و جێ پەنجەی دیارە.

کەریم زەند دەڵێت: "بریا ئێمەی کورد لە هاوتای نەسرین فەخری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چەند ئافرەتێکی دیکەمان تێدا هەڵکەوتایە".

پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: "دوکتۆر نەسرین فەخری، یەکێکە لە نووسەرە کوردە چالاکەکان کە لە بەغدا دادەنیشت، یەکەم ڕۆژی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا یەکمان ناسی، ئەوکاتە لە بەشی کوردیی ئێزگە کاری دەکرد، پێوەندی و هاتوچۆی خێزانیمان هەبوو، ئەو پێوەندییەمان هەر بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی دڵسۆز بوو بۆ کورد، زۆرم خۆش دەویست و تا ئێستاش بەردەوام سڵاوم بۆ دەنێرێت».

لەدوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت، نەسرین فەخری، سەرکردەی مێژوویی مستەفا بارزانی دیوە و چەند جارێکی دیکەیش سەردانی کردووەتەوە، لەو سەردەمەدا خوێندکارێکی چالاک و دڵسۆز و کوردپەروەر بووە و خزمەتی گەلەکەی کردووە. (بارزانی)ش ڕێزی تایبەتی لێ ناوە و چەند جارێکیش ئامۆژگاری و ڕێنمایی دوکتۆر نەسرین فەخری کردووە و دانیشتنی تایبەتیان بردووە و وێنەشیان پێکەوە گرتووە.

نەسرین فەخری ساڵانێکی زۆر لە چەند ئێزگەیەک کاری کردووە، وەک (ئێزگەی بەغدا، بەشی کوردی و عەرەبی، ئێزگەی مۆسکۆ و ئێزگەی باکۆ)، لەو نێوەندەشدا لە بواری هۆشیاری و ڕۆشنبیری لەو ئێزگانەدا

رۆڵێکی بەرچاوی گێراوە.

لەپاڵ زمانەکەی خۆی، زمانی عەرەبی، تورکی، رووسی، ئینگلیزی و کەمێکیش فارسی و فەرەنسی دەزانی، مەکتەبی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و بوژانەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی کردووەتەوە. لەگەڵ (گۆران)ی شاعیر و (شاکر فەتاح)دا هاوڕێ بوون و پێکەوە بناغەی کۆڕی زانیاریی کوردیان داناوە. لە ١٩٧٠دا لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە، زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەسەر د. نەسرین فەخری و بەرهەمە بەنرخەکانیان نووسیوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە، لە ڕابوردوودا چ بە وتار، یان بە نامە بەسەریان کردووەتەوە، وەک: نەجمەددین مەلا، د. ڕەحیمی قازی، د. مارف خەزنەدار، حەمەی مەلا کەریم، خەسرەو جاف، مەحموود زامدار، عەبدولقادر محەممەد ئەمین، د. کوردستان موکریانی، د. شوکریە ڕەسووڵ، ئازاد ئەحمەد، دڵشاد مەریوانی، بەدرخان سندی، د. ئازاد نەقشبەندی، د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، د. عادل گەرمیانی، فەرەیدوون عەلی ئەمین، ئەحلام مەنسوور...تاد.

لە لایەن هاوڕێکانییەوە نازناوی (عاشقی وشە و کەلەپوور)، (ئاوی ئاسمان)، (قەقنەس)ی دراوەتێ. خانەوادەیەکی ناسراوی شاری سلێمانین و لە سابوونچییەکانی گەڕەکی سابوونکەرانن، باوکی لە قوتابخانەی عەسکەریی ڕوشدییە- کۆلێژی سەربازی تەواو دەکات و هەر لەوێ نازناوی (فەخری) پێ بەخشراوە، لەو سەردەمەدا هەر کەسێ لەو قوتابخانەیە دەرچووبایە نازناوێکیان لێ دەنا، وەک (فەرەج)ی مامی کە نازناوی ڕاشیدیان لێ ناوە، یان وەک تۆفیق وەهبی و... تاد.

دوکتۆر کەمال مەزهەر، سەبارەت بە دوکتۆر نەسرین فەخری پێی گوتم: "د. نەسرین فەخری خوشکێکی زۆر دڵسۆزە، قۆناغی خانەی باڵای مامۆستایانمان بەیەکەوە تەواو کرد، ئەو لە بەشی زمانی عەرەبی بوو، من لە بەشی مێژوو بووم، دواتر یەکێک بوو لەوانەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەت وەرگیرا و لەوێش هەر بەیەکەوە بووین، مرۆڤێکی خاوێن و دڵسۆز و ئیشکەرە، هەندێ کەسیش زوڵم لە د. نەسرین فەخری دەکەن، ئەوانەش چەند کەسێکن. دوکتۆر نەسرین فەخری خزمی نزیکی خۆتە و باش دەیناسیت، خوالێخۆشبووی باوکی پیاوێکی گەلێک ساکار و بێ فیز بوو، تەنانەت بەکر سدقی زۆری خۆش دەویست".

م. سەلاح قەیتوولی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، بەم جۆرە باسی سەرەتای ناسینی (د. نەسرین فەخری) بۆ کردین: "دوای ئەوەی ١٩٨٦ لە بەشی جوگرافیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرام، یەکێک لەو یادگارییە خۆشانەم ئەوە بوو کە بەشی کوردی لە تەنیشت بەشەکەمانەوە بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارە کوردەکانی شارەکانی کوردستان ئاشنا دەبووم و دید و بیروڕا و نەریتی هەمەچەشنەی کوردەواریمان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕییەوە، ئینجا لەگەڵ زۆربەی مامۆستا و وانەبێژەکانی بەشی کوردی ئاشنا بووم، لەوانە: د. ئەورەحمانی حاجی مارف و د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و د. بەردخان سندی و مامۆستا ئیبراهیم باڵدار و وریا عومەر ئەمین، پاشان (د. نەسرین فەخری). زۆربەی ئەو بەڕێزانە لە کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا ئەندام بوون، ماوە ماوە سیمینار و کۆڕی شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەمەجۆرەیان ساز دەدا و ئێمەش لەو سەردەمەدا ئامادەی ئەو کۆڕانە دەبووین.

لە درێژەی باسەکەیدا م. سەلاح قەیتوولی دەڵێت: (د. نەسرین فەخری) وەک خوشکێکی گەورە و دایکێکی دڵسۆز، لەگەڵ خوێندکارە کوردەکاندا بە نەرمونیانی هەڵسوکەوتی دەکرد، کاتێک لە بەشی جوگرافیا وەرگیرام زۆر ناڕازی بووم، چونکە بە دڵی خۆم نەبوو، بەڵکو بەسەرماندا سەپێنرا، بۆیە هەوڵم دا بۆ گۆڕینی و دابەزین بۆ بەشی کوردی، لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوت و مامەڵەی مامۆستا عەرەبەکان زۆر وشک و دکتاتۆرانە بوو، بەپێچەوانەی مامۆستاکانی بەشی کوردی، چەند جارێک لەو دەمەدا لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانم وەک میوان، یان گوێگر چوومە نێو پۆلەکانی بەشی کوردی و لەوێ بۆم دەرکەوت مامۆستا کوردەکان لەوانە د. نەسرین فەخری، لە هەڵسوکەوتەکانیاندا هێمن و قسەخۆش و دیموکراتییانە لەگەڵ خوێندکارەکانیان مامەڵەیان دەکرد، ئەمەش منی هان دا بیر لە تەنازول لە بەشەکەی خۆم بکەمەوە بۆ بەشی کوردی، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت



**گۆران، حەمەسەعید عەبدوڵلا، د. نەسرین فەخری**

کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ناچار بووم پەنا ببەمە لای مامۆستاکانی بەشی کوردی، ئەوانیش پێیان باش بوو ژمارەی خوێندکاری کورد لەو بەشە زیاتر بێت، بەم جۆرە لە ڕێگای قوتابییەکەوە پێشتر باسی (د. نەسرین فەخری) بۆ کردبووم، چووینە لای و داخوازییەکەم پێ گەیاند، ئەویش بە گەرمی و ڕووخۆشی پێشوازی لێ کردین و بەپیری داواکەمەوە هات و بەڵێنی پێ دام یارمەتیم بدات و ئەوەی پێی بکرێت بۆ ئەم مەبەستە بیکات، ئەوە بوو قسەی لەگەڵ بەڕێوەبەری تۆمارگەی کۆلێژەکەمان کردبوو کە ناوی (ابتسام) بوو، کە زۆر ڕقی لە کورد بوو، هەرچەندە بۆ موجامەلە بەڵێنی بە د. نەسرین فەخری دابوو ئەو کارەم بۆ بکات، بەڵام سەرەنجام هەوڵەکە سەری نەگرت و من هەر لە بەشی جوگرافیا مامەوە، بە ڕاستی د. نەسرین دڵسۆزی و پەرۆشیی خۆی نواند و درێغی نەکرد، واتا هەمیشە خوازیاری خزمەتکردنی خوێندکارە کوردەکان بوو، دواتر من هەر کاتێک (د. نەسرین فەخری)م لە کۆلێژی خۆمان، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکاندا بینیبێ، هەمیشە بە ڕووخۆشی و بەڕێزەوە لێمان ڕوانیوە، چونکە سۆزی دایکایەتیمان لێ ئەبینی، وەک خۆم هەر کاتێک بیانوتایە کۆڕ دەبەستێ، یان ئامادە دەبێت، لە هەر جێگایەک بووایە پێم خۆش بوو لەوێ ئامادە بم و گوێی لێ بگرم، یان هەر جارێک بمزانیبایە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە وەک هاوکاری و کاروان و بەیان و ڕۆشنبیری نوێ بابەتی د. نەسرین فەخری بڵاو کراوەتەوە، زۆر بە وردی خولیای خوێندنەوەی دەبووم، بە ڕاستی د. نەسرین فەخری مامۆستایەکی بەڕێز و بەسۆز بوو، وەک خوشکێکی گەورەی هەمووان وابوو، هیوادارم هەمیشە لەشساغ و تەمەندرێژ بێت".

ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، نووسەری کتێبی شاری سلێمانی، بەم جۆرە باسی دواجاری بینینی د. نەسرین فەخری بۆ کردین: "د. نەسرین فەخری، شاعیر و زمانزان و ئەدیبێکی هەڵکەتووی کوردە، دواجار کە بینیم لە ٢٠٠٢دا بوو، کە سەرۆکی لیژنە بوو لە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی (ابن رشد) لە بەغدا لە بەشی زمانی کوردی، بە چاودێریی پرۆفیسۆر فوئاد حوسێن ئەحمەد، بۆ بەخشینی بڕوانامە بە تارا تەحسین یاسین ئەسعەدی، کە بۆ وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە من زۆر هاوکاریم کرد، لەگەڵ ڕێزم بۆ خوشکی دڵسۆز، بۆ وشەی کوردی و کوردایەتیی د. نەسرین فەخری، ئەو کاتەش باوکی هاتوچۆی دوکانی باوکم و مامەکانمی ئەکرد، زۆر ڕێزمان لێ ئەگرت، ئەمە لە ساڵانی شەستەکاندا بوو کە ئەو کاتە خوشکی بەڕێزم نەسرین فەخری کە بۆ خوێندن چووبوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، باوکی هەموو جارێک باسی ئەوی بۆ ئەکردین و شانازیی پێوە دەکرد، کە هاتیشەوە هاتوچۆی ئێزگەی ئەکرد، ئەوکاتە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، هەمیشە ڕێزی تایبەتم هەبووە بۆی.

هەروەها لیوا (نووری مەلا مارف) لە شیعرێکدا بۆ ڕەئیس فەخری باوکی د. نەسرین دەنووسێ:

بۆ کاکە حەمە

**هەر بژی نەسرین کچەکەی حەمە**
**ڕۆڵەی نیشتمان ئەمسالی کەمە**
**ئەدیبی کوردە هی هۆز و گەلە**
**شا کچی وەتەن ئەستێرەی گەلە..**

د. نەسرین فەخری زیاتر لە (١١) کتێبی زانستی و ئەدەبی و شیعر و بیرەوەریی چاپکراوی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە، جگە لەوەی لە دەیان کتێبی خوێندنی قوتابخانەکاندا ئەندامی سەرەکی و سەرپەرشتیار بووە و ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە، لەگەڵ ئامادەکردنی (٢١) کتێبی دیکەی خۆی کە بۆ چاپکردن ئامادەن، جگە لەوەیش لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی

پڕ بایەخ و گرنگ بۆ پرۆگرامی خوێندن ئامادەکراون، کە د. نەسرین بەشدارییەکی بەرچاوی تێدا کردوون و جێ دەستی تێیاندا دیارە.

**تێبینی:**

ماوەیەک لەمەوبەر، لە سلێمانی، لە ڕۆژی ١٠/١٠/٢٠١٨ خانمێکی کوردی ئەکادیمی و زمانزان و شاعیر و فۆلکلۆریست و نیشتمانپەروەر، بە بێدەنگی کۆچی دوایی کرد، مەخابن پرسە و ڕێورەسمی بەحاکسپاردنی، لە ئاست ئەو خزمەتە گەورەیەدا نەبوو کە بە درێژایی تەمەنی پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد، ئەو خانمە (پ.د. نەسرین فەخری) بوو.

**د. نەسرین فەخری، بەم چەشنە باسی بەرهەمەکانی بۆ کردین و گوتی:**

لیستی کتێبەکانم بەم جۆرەیە:

**(١) کتێبە کوردییەکان:**

ا/ کتێبە چاپکراوەکان، بەتەنیا و بە هاوبەشی:

- چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا، هۆ و چۆنێتی بەکارهێنانی، چاپی: چاپخانەی (النجف الاشرف)، ساڵی (١٣٩٣ ک- ١٩٧٣ ز)، بە یاریدەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا (چاپخانەی ئاداب)، ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ بووم.

- کتێبی زمانی کوردی، بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لەسەر داوای وەزارەتی کاروباری ژووروو، بەغدا، ساڵی: (١٩٧٣).

- کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، لەسەر داوای وەزارەتی کاروباری ژووروو، بەغدا، ساڵی (١٩٧١)، لیژنەی سێ کەسی، بەشە زمانییەکەی تەنیا سەر بە خۆمە.

**تێبینی: بۆ یەکەم جار ڕەوانبێژیم خستە پرۆگرامی خوێندنەوە.**

- کتێبی: ڕێزمانی کوردی بۆ بەشەکانی زمانی کوردی، پۆلی یەکەمی زانکۆکان لە ئێراق (منهجی)، چاپی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)، هەرچەندە لەگەڵ د.کوردستان موکریانی بوو، بەڵام بەشەکەی خۆم بەتەنیا و سەربەخۆ بوو.

تێبینی: کتێبی ڕێنووسی کوردی (منهجی)، بۆ گشت بەشەکانی کوردی لە زانکۆکانی ئێراق، لەسەر داوای وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی، بەغدا، ساڵی (١٩٨٢)، (٨٩) لاپەڕەیە.

- کتێبی: ڕستە و چەمکی ڕستە لە زماندا بەگشتی و تایبەتییەکانی لە زمانی کوردیدا، وەک نیشانەیەکی گرنگی شارستانێتی، بەغدا، چاپ لەلایەن محەممەد زەهاوی (دوکتۆرا)یە و لەسەر ئەرکی خۆم. یەکەم باسی ڕستەیە بەم جۆرەی ئێرە، ساڵی (١٩٩٦)، چاپی (دار الحریة)، (١٥٣) لاپەڕەیە.

- کتێبی: دیوانی شیعر بە ناوونیشانی (بۆ)؟ خۆی دیوانە عەرەبییەکەی کە بەناوونیشانی (اللحن الاخیر- دوا ئاواز)ـە لەسەر داوای خۆم یەکخراون، بەغدا، ساڵی (٢٠٠٢)، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- کتێبی: دیوانی شیعر بەناوونیشانی (من خوێناوی برینی تۆم)، بەغدا، ساڵی (١٩٨٦ز-١٤٠٧ک)، (١٣٥) لاپەڕەیە، چاپی (دار الحریة) و چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- کتێبی: یاری لە کوردەواریدا و پێکهاتنی لە ڕووی زمانەوە و دەوری بۆ سەر کۆمەڵ، بەرگی یەکەم، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ساڵی (١٩٩٢)، (٢٣٢) لاپەڕەیە، یەکەم جارە بەم جۆرە باسی لێوە بکرێت.

- کتێبی: یاری لە کوردەواریدا و پێکهاتەی لە ڕووی زمانەوە و دەوری بۆ سەر کۆمەڵ، بەرگی دووەم، بەغدا، ساڵی (٢٠٠٠)، (١٣٨) لاپەڕەیە، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- کتێبی: یاری لە کوردەواریدا و پێکهاتەی لە ڕووی زمانەوە و دەوری بۆ سەر کۆمەڵ، بەرگی سێیەم، بەغدا، چاپی سەردەم، سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٥)، (١٤٩) لاپەڕەیە.

- کتێبی: دیوانی شیعر بە ناوونیشانی (پێشبینی)، دووبارە دیوانە عەرەبییەکەی لەگەڵدا یەکخراوە، بەغدا: ساڵی (٢٠٠٥) لە چاپ درا، لە (٢٠/٥/٢٠٠٦) - تەواو کرا، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (١٣٠) لاپەڕە تەنیا



**د. نەسرین فەخری، ڕەئیس نووری ڕەشید**

کوردییەکەیە.

- ئەو کتێبانەی ئامادەن بۆ چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بە زنجیرە ئەڵقەیەک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا (مەبەست کوردییەکانە):

- لە کلاوڕۆژنەی کەلەپوورەوە، کۆمەڵەکەت بناسە. لە (٣٣) ئەڵقەدا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکراوەتەوە، لە (٢٠٠٢/٧/١)ەوە بۆ (٢٠٠٣/٣/٣)، بە کۆمپیووتەر چاپ کراوە و خراوەتە سەر (CD)، لە بەغدا.

- مەتەڵ (چەوچە) و دەوری لە پەروەردە کردن و گەشەسەندنی هۆش و مێشک کە ناومان ناوە شەترەنجی میللی، لە (٥٥) ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کراوەتەوە، بە کۆمپیووتەر چاپ کراوە و خراوەتە سەر (CD) لە بەغدا. پێشتر لە (٤) ژمارەی گۆڤاری فۆلکلۆردا بڵاو کرایەوە، دووبارە بە ئومێدی چاپکردنی پاشان. ؟!/ لە هەولێر، ئاسۆی فۆلکلۆر، ساڵی (٢٠٠٥).

- جووتە وشە – Twin words – لە کۆنگرەی پاریس خوێنرایەوە، ساڵی (١٩٧٣) بە فەرەنسی لە (١٢) ئەڵقەدا، ڕۆژنامەی ئێراق بە کوردی بڵاوی کردەوە و گۆڤاری (الثقافة الجديدة)ش بە عەرەبی هەمان ساڵ لە ژمارە (٥٤ – ٥٥)دا بڵاوی کردەوە، یەکەم ئەڵقەی لە (٢٠٠٢/٨/٣١)، دوا ئەڵقەی لە (٢٠٠٣/٣/٣)دا.

- پەرەسەندنی مێژوویی واتای وشە لە زمانی کوردیدا (لێکسیکۆلۆژیا – علم الدلالة) لە (٢٢)ئەڵقەدا لە ڕۆژنامەی (عێراق)دا بڵاوکرایەوە و گۆڤاری (الاستاذ)ی کۆلێجی پەروەردەش لە (١٩٧٨ – ١٩٧٩)دا لایەنێکی لە چاپ دا.

- (زمانەکەت بناسە) و (زمان و ژیان) گشت ئەو وتارانەیە کە لە ئێستگەی کوردی لە بەغدا و گۆڤاری برایەتی و هەردوو گۆڤاری ڕەنگین و بەیان ئەڵقە بە ئەڵقە بڵاویان کردووەتەوە.

ئەمانە لە بازنەی پێنووسمدا، گشت ئەوانەی نووسیومن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕامیاری و مێژووییەوە، گشتیان کتێبن و لەسەر داوای خاوەنەکانیان لێم کۆڵیونەتەوە و بڵاو کراونەتەوە، یان لە ڕۆژنامەکاندا پاش چاپکردنیان، یان لە کتێبەکاندا، کە پێش چاپکردن داوام لێ کراوە.

بەرگی چوارەمی یاری لە کوردەواریدا و پێکهاتنی لە ڕووی زمانەوە و دەوری بۆ سەر کۆمەڵ، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کراونەتەوە.

- چۆن چوومە دەریای کەلەپوورەوە؟! بەگشتی پوختەکەیم لە سیمیناری (٢٠٠٥)دا خوێندەوە و بۆ خۆم خرایە سەر کاسێتیش و لە مەڵبەندی کوردۆلۆژی پارێزراوە.

(ئینفیکس) و (پێشگر) و (پاشگر)ـەکانی زمانی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێک لە زمانەکانی سەر بە هەمان بنەماڵە، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەیان لە ڕووی ڕوومالەت و ناوەڕۆکەوە لە بەشێکی زۆریدا، لە نامەی دوکتۆراکەمدا بە ڕووسی بڵاوکراوەتەوە، بەشێکیشی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە.

- جیهانی ئافرەت و منداڵ و کۆمەڵ و دەوری ئەوانەی پشتگیریان لێ کردووە بە داوا و نووسین و شیعر، لە گۆڤاری (برایەتی)دا و لەگەڵ ئێستگەی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە، کە لە ئەرشیڤدا پارێزراون، ئەگەر مابن.

- جووتە برگە و دەوری لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ بەراوردکردن لەگەڵ زمانی عەرەبیدا و جیاوازیی نێوانی لەگەڵ جووتە وشەدا، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی ئێراق، دەستەی کوردی بەشی باشی لێ بڵاوکراوەتەوە، کە پوختەکەیەتی.

- باسە زمانەوانییە هەمەچەشنەکانم کە کۆمەڵێکن و لە گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە.

- ئەو کتێبە دەستخەتانەی پرۆژەی کتێبن:

- چۆنێتیی دروستبوونی وشەی نوێ، لە سادەوە و بۆ داڕێژراو و بۆ لێکدراو، لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا، بەپێی نەخشەیەکی نوێ بۆ گەشەسەندنیان، بۆ یەکەم جار، هاوبەشی و جیاوازییان.

- بەرگی چوارەمی (شیعرەکانم) کە هەن بڵاو کراونەتەوە و هەن (نا) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

- ناوی دەنگە سروشتییەکان و پێوەندییان بە سەرەتای پەیدابوونی زمان و بە زمانی منداڵەوە بە گشتی و بەتایبەتیش لە کوردیدا، لەگەڵ هاوبەشی و جیاوازییان بە پێی فەرهەنگ، واتا ئەلف و بێ بۆ ئاسانی.

- بەرگی دووەمی ڕێنووسی کوردی، چ ئەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆڕی زانیاریی ئێراقدا خوێنراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە، یان لەسەر داوای تر، یان ئەوەی لە نامەی دوکتۆراکەمدایە، یان لە وانەکانی بەشی کوردی و خوێندنی باڵا باسم کردوون و ساغم کردوونەتەوە.

- پەخشان و باسە ئەدەبییەکانم و لایەنی سەر بە فۆلکلۆر:

- ڕاناو بە گشتی لە زمانی کوردیدا چەند جۆرە و چین و چۆن، یان لەبیرکراون، یان بەناو و ناوی ترەوە باس کراون و تێکەڵ کراون، بە کورتی ڕاناو لایان وایە تەنیا ڕاناوی کەسییە.

- چاوگ و فرمانی یارمەتیدەر لە زمانی کوردیدا چییە و چ دەورێکیان لە گەشەسەندنی زمانی کوردیدا هەیە.

- یارمەتیدەری فرمانی چییە؟ دەور و جیاوازی و هاوبەشییان لە چی و چیدایە؟!

- نامەی دوکتۆراکەم، وەرگێڕانی لەلایەن خۆمەوە لە ڕووسییەوە بۆ کوردی یان بەپێچەوانەوە.

- بەشەکانی ئاخافتن (اقسام الکلام- Part of speech) چین و شوێنی ئامرازەکانی زمان کوێیە دەگرێتەوە؟ بەگشتی لە گشت زمانەکاندا، بەتایبەتیش لە کوردیدا، یەک بەیەکی هەر بەشە کە چەندن و چۆنن، پێوەندی و جیاوازییان و ساغکردنەوە و یەکلاییکردنەوەیان.

- باسە زمانییەوەکانم هەر لە (١٩٧٣) تا دەگاتە (٢٠٠٣) لە دوو بەرگدا، ئامادەیە بۆ چاپ.

- کتێبە عەرەبییەکانم، ئەوانەی چاپکراون، لەگەڵ ئەوانەی تری کە کوردی نین:

- نامەی دوکتۆراکەم بە زمانی ڕووسی، ساڵی (١٩٦٥) یەکێتیی سۆڤیەت - باکۆ - ئازربایینجان، (٣٦٠) لاپەڕە، لەگەڵ لابردنی فەسڵێک، کە دەربارەی شێوەکان و یەکێتیی زمانی کوردییە.

- (الالفاظ العربية في اللغة الكردية، ثم الفارسية والتركية)، واتا واژە عەرەبییەکان لە زمانی کوردیدا، ئینجا لە زمانی فارسی و زمانی تورکیدا، بە عەرەبیی پەتی، ئینجا بە زمانی خەڵک، ئینجا کردنی بە ئینگلیزی و نووسینی نموونەکان لەپاڵ وشەکان بە (ترانس- گرپشت)، واتا ئەلف بێی جیهانییە و هەموو کەسێک دەتوانێت بیخوێنێتەوە و تێی بگات، (٦٠٠) لاپەڕەیە، ئەگەر بەش بەش بکرێت، ئەمەریکا USA ساڵی (١٩٧٨ - ١٩٧٩) باسەکەی و بەسەرهاتەکەی دوورودرێژە، لەپاڵیدا فەرهەنگێک بەو وشە و واژانەوە، چاپکردنی قورسە، بۆیە بێ چاپ ماوەتەوە، تا ڕێگەیەک بۆ چاپی دەدۆزرێتەوە، واتا بە (٥) زمانە.

تێبینی: دوای ئەوە، لەوی ڕازی نەبوون لەبەر من و نارەزایی ڕژێمی ئەوسا کە بەتەما بووم، ئینجا بەپێچەوانەوە، ئەو واژە و وشە کوردییانەی کەوتوونەتە زمانی عەرەبی و ڕۆژانە لەسەر زمانیانە، کە بێتە سەر باسکردن بە فارسی دای دەنێن، ئەویش تا ڕادەیەک ئامادەیە و پێداچوونەوەی دەوێت.

- باسە پاراسایکۆلۆژییەکانم کە جۆراوجۆرن و هەموویان لە کۆنگرەکانیدا خوێنراوەتەوە و بڕوانامەی ڕێزلێنان بۆ هەر باسە وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەی دەربارەم دۆزراوەتەوە لە بوونی توانایی لەو بارەیەوە، لەپاڵ ئەو توانایییە هەر لە منداڵییەوە وەک لەگەڵ کەسێک قسە بکەم، لەلای خۆمەوە بەرانبەر وەریدەگرێت، ئەوی بانگم بکات گوێم لێیەتی، ئەوەی داوای کەم لەلای خۆمەوە بۆم دێت، تا دەگاتە جار دەم بێنن بەبێ خۆم، مەبەست کتێبێکی گەورەیە و ئامادەی چاپە، سەرەتا لە (١٩٩٢)ەوە تا پێش نەمانی ڕژێم.

- ئەو باسانەی لە زنجیرە ژمارەیەکی (موسوعة هائلاء في مرايا هائلاء)دا، بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ پاداشت و دیاریی تایبەتی، لەگەڵ خوێندنەوەی باسی تر بۆ

کۆبوونەوە تایبەتییەکانی سەر بەو لایە.

- الكتب بالعربية وغيرها بغير اللغة الكردية المطبوعة و المهيأة للطبع:

- كتاب (مذكرات مجهولة من سجن غير منظور) یادەوەرییەکانی نەناسراوێک لە بەندیخانەیەکی نادیاردا، (٤١٧) لاپەڕەیە و بەرگی یەکەم، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٥).

- بەرگی دووەم، کەمی ماوە بۆ ئامادەکردن بۆ چاپ و پێداچوونەوەی دەوێت، بە ناوونیشانی (قبل الهجرة الى مملكة الموت- پێش کۆچکردن بۆ جیهانی مردن)، بەهەمان قەوارە.

- کتێبی کورتە چیرۆک، یان کورتیلە چیرۆک، بەناوونیشانی (المتاهة- وێڵی)، ئامادەیە بۆ چاپ و پێشتر زۆربەی بڵاو کراوەتەوە، بەشێکی لە ڕۆژنامەی العراق و بەشێکی بەر کتێبی (مذكرات مجهولة) کەوتووە. ماوە بخرێتە سەر (CD).

ئەمانە لە بازنەی ڕێنووسمدا چەندان جۆرە نووسینی هەمەچەشنەن، هەر لە کۆمەڵایەتییەوە بۆ جیهانی ئەدەب و شیعر، بۆ مێژوو و ڕامیاری و لەسەر داوای دانەران خۆیان هەندێکیان پێش چاپی کتێبەکانیان و هەندێک پاش چاپکردنیان:

- کتێبی دیوانی شیعر (اللحن الاخير- دوا ئاواز) چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ساڵی (٢٠٠٢)، لەگەڵ دیوانە کوردییەکەی (بۆ)دا یەکخراون.

- کتێبی دیوانی شیعر (التنبؤ - پێشبینی) چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ساڵی (٢٠٠٥)، لەگەڵ بەشە کوردییەکە یەکخراوە کە بە هەمان ناوە.

- (ماذا نعني بالثقافة، علاقتها بمفردات المجتمع- مەبەست لە کولتوور چییە، پێوەندیی لەگەڵ وردەکاریی کۆمەڵدا) ڕاست و ناڕاست، نا (عولمة) و(عالمتة) ئامادەیە بۆ چاپ.

- (المصطلحات و الكنايات في اللغة الكردية) چاپکراوە و پێشتر لە (٢٢) ئەڵقەدا لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکرایەوە.

- (الكلمات المزدوجة- جووتە وشە) و پێوەندی بە وشەی لێکدراوەوە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا، پێوەندی و جیاوازیی کوردییەکەی کە سەر بە زمانی کوردییە ، لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا بە کوردی و عەرەبی بڵاو کراوەتەوە.

- چۆنێتی بوون و دروستبوون و دروستکردنی وشەی نوێ لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدا، پێوەندی و جیاوازی، بەپێی بنەمایەک و دەستوورێکی نوێ بۆ یەکەم جار، لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەندێک لایەنی ڕێزمانی لە عەرەبیدا، ئینجا لە کوردیدا، بەهۆی کەوتنە ژێر باری ئەو زمانە، کە پاشکۆیەکی باش دەگرێتەوە.

(جووتە برگە- المقاطع المزدوجة) کوردییەکەی لە گۆڤاری کۆڕدا لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە، ئەمیان لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیدایە، لەگەڵ (پێوەندی و جیاوازی)یان.

دەنگەکان و وێنەکانیان، واتا ئەلف و بێی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەپێی ئەلف و بێی عەرەبی، هەڵەکانی هەردوو لا و مانەوەی بەشێکیشی لە عەرەبیدا بە لێڵی و بێ باسکردن، بەڵکو بێ هەستکردن ئامادەیە و بە زنجیرە (محاضرة) وتنەوەی لە یەکێک لە دەزگاکان لەپاڵ باسکردنی و ڕوونکردنەوەی بۆ قوتابییانی باڵا، لەگەڵ بەراوردی هاوبەشی و جیاوازی.

ئەو شیعرانەی وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی، یان بەپێچەوانە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە.